---

## بەشی دووەم
## خواست و خستنەڕوو
## Demand & Supply-طلب والعرض

### خواست- الطلب – Demand

بڕی ئەو شمەکەیە کە یەکێک ئارەزووی دەکات و هێزی کڕینی هەیە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، بەڵام یەکێک ئارەزووی هێزی شت کڕینی نەبێت بە خواست دانانرێت.

<u>**خواست لەسەر دوو رەگەز راوەستاوە:**</u>

١.خودی: ئارەزوو.

٢.بابەتی: توانای کڕین.

### نەخشەی خواست- دالة الطلب – Demand Function

بریتیە لە پەیوەندی نێوان بڕی خواستراو وەکو گۆڕاوێکی پاشکۆو نرخی کاڵاو نرخەکانی کاڵایەکی دیکە(جێگرەوە- تەواو) و داهاتی بەکاربەر، ئارەزووی بەکاربەر، ژمارەی دانیشتوان وەکو گۆڕاوێکی سەربەخۆ.

گۆڕاوی سەربەخۆ (QDX = F(P,P,Y,T,N……  گۆڕاوی پاشکۆ

### یاسای خواست- قانون الطلب – The law of Demand

ئەو یاسایەیە بڕی خواستراو لە کاڵایەکی دیاریکراو دەستنیشان دەکات، کە پێچەوانەیە لەگەڵ نرخەکەی لە ماوەی کاتێکی دیاریکراودا لەگەڵ گریمانەکردنی نەگۆڕی سەرجەم هۆیەکانی دیکە.

### خشتەی خواست- جدول الطلب – Demand Schedule

بریتیە لە پەیوەندی نێوان بڕی شمەکی خوازراو لەگەڵ نرخەکەی.

| Px | 0 | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Qdx | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | 0 |

### چەماوەی خواست – منحنى الطلب – Demand Curve

پەیوەندی نێوان نرخ و بڕی خواستراو (كمية المطلوبة) دەست نیشان دەکات.

- پەیوەندیەکی پێچەوانەی هەیە لە نێوان نرخ و بڕ(quantity).
- شێوەی چەماوەکە لێژدەبێتەوە لەسەرەوە لای چەپ بۆ خوارەوەی لای راست.

---

**جۆرەکانی خواست – انواع الطلب** - Types of demand

١. خواستی تاک- الطلب الفردي – Individual demand

واتە خواستی تاکێکە لەسەر کاڵایەکی دیاریکراو.

٢.خواستی هەمووەکی- الطلب الکلي -Aggregate demand

کۆی خواستەکان لە بازاڕدا لە سەر کاڵایەکی دیاریکراو.

٣. خواستی وەرگیراو- الطلب المشتق -Derived demand

خواست لەسەر ئارد، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی نانە.

٤. خواستی هاوبەش- الطلب المشترک- Joint demand

خواست لەسەر لم هاوبەشە لەگەڵ خواست لەسەر چیمەنتۆو چەو(چگل).

٥. خواستی لێکدراو- الطلب المرکب – Composite demand

وەک خواست لەسەر خەڵوز کە بەکاردێت بۆ گەرمکردنەوەو گواستنەوەو وزەی کارەبا.....هتد

**ئەو هۆکارانەی کاریگەری دەکەنەسەر خواست**

**العوامل المؤثرة في الطلب - Factors effecting demand**

1.نرخی هەمان کاڵا- سعر سلعة نفسها-The price of the same goods

2.نرخی کاڵای دیکە - اسعار سلع الاخرى -The prices of other goods

أ. کاڵای تەواوکاری – سلع المکملة- Complementary Goods

وەک ئۆتۆمبێل بە بێ (بەنزین– غاز) ناتوانرێت بەکاربهێرێت.

ب. کاڵای جێگرەوە – سلع البدیلة - Substitute Goods

وەک: قاوەو چایی، زانکۆو کۆلێژ، گۆشتی سوورو ماسی، یاخود خواست لەسەرگۆشتی مریشکی زیندوو بەرزبێت، بەکاربەر گۆشتی بەستوور دەکڕێت.

3. پێشبینی نرخ – التوقعات فی الاسعار -Expectations in prices

4.**گۆڕانکاری لە داهاتی بەکاربەر** – التغیر فی الدخول المستهلک – Change in consumer income

5.**گۆڕانکاری لە ئارەزوی بەکاربەر** – تغیر ذوق المستهلک-Changes in consumer taste

6. **قەبارەی دانیشتوان** –حجم السکان (عدد المستهلکین في السوق)-Number of consumers in the market

7. **شوێنی جوگرافی و گۆڕانکاری کەش و هەوا و وەرزەکانی ساڵ**- التوزیع الجغرافي وتبدل المناخ و فصول السنة

Geographical location and time

---

### خستنەڕوو- االعرض – Supply

بڕی (كمية – Quantity ) ئەو شمەکەیە کە بۆ فرۆشتن  بە نرخێکی دیاریکراو لە کات و شوێنێکی دیاریکراو خراوەتەڕوو.

### نەخشەی خستنەڕوو- دالة العرض  – Supply Function

بریتیە لە پەیوەندی نێوان بڕی خراوەڕوو وەکو گۆڕاوێکی پاشکۆو نرخی هەمان  کاڵاو نرخەکانی کاڵایەکی دیکەو نرخەکانی رەگەزەکانی بەرهەمهێنان، ئاستی تەکنەلۆجی،  کۆمەک و باجەکان وەکو گۆڕاوێکی سەربەخۆ.

گۆڕاوی سەربەخۆ(Qsx = F(P0,P1,P2,T,S...... گۆڕاوی پاشکۆ

### یاسای خستنەڕوو- قانون العرض  – The law of Supply

بڕی خراوەڕوو لە کاڵایەکی دیاریکراو پەیوەندیەکی راستەوانەی هەیە لەگەڵ نرخی ئەو کاڵایە، بۆیە هەرچەندە نرخ بەرزبێتەوە، بڕی خراوەڕوو زیاد دەبێت.

### خشتەی خستنەڕوو- جدول العرض  – Supply Schedule

پەیوەندی نێوان نرخەکان و بڕی ئەو شمەکانە دەستنیشان دەکات کە بەرهەمهێنەکان ئامادەن بۆ فرۆشتن و بەرهەمهێنانی.

| Px | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 |
|---|---|---|---|---|---|
| Qs | 0 | 20 | 40 | 60 | 80 |

### چەماوەی خستنەڕوو  – المنحنى العرض  – Supply Curve

پەیوەندی نێوان نرخ و  بڕی خراوەڕوو( كمية معروضة)  دەست نیشان دەکات.

– پەیوەندیەکی راستەوانەی هەیە  (علاقة الطردية  Positive relationship) لە نرخ و بڕی خراوەڕوو.

– ئەو چەماوەیە بەرەو سەرەوە  بەلای راست هەڵدەکشێت.

---

**ئەو هۆکارانەی کاریگەری دەکەنەسەر خستنەڕوو**

**Factors effecting supply - العوامل المؤثرة في العرض**

١.نرخی هەمان کاڵا– سعر سلعة نفسها–The Price of the same goods

نرخی مریشک بەرز بێت، خستنەڕوو زۆر دەبێت.

٢.نرخی کاڵای دیکە – اسعار سلع الاخرى –The Prices of other goods

بەرزبونەوەی نرخی گەنم و مانەوەی نرخی جۆ بەجێگیری هانی جوتیار دەدات بۆ خستنەڕووی گەنم لەبەرامبەردا جۆ کەمتر دەخاتە بازاڕ.

٣.نرخی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان– اسعار العوامل الانتاج–Factors of Production Prices

زیادبونی کرێ و نرخی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان دەبێتە زیادبونی تێچون بەمەش قازانج کەم دەبێتەوە دواجار خستنەڕوو کەم دەبێتەوە لەبەرئەوەی لەبەرژەوەندی بەرهەمهێن نییە.

Total cost – total revenue = profit

٤.ئاستی تەکنەلۆجی بەرهەمهێنان– المستوى التكلنوجي للانتاج–The Technological level of Production

بەکارهێنانی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی پێشکەوتو، بەرهەم زیاد دەکات و تێچوو کەم دەکاتەوە ئەوەش وا دەکات بەرهەمی زیاتر بخرێتە بازاڕ.

٥.کات– الزمن– Time

هەندێ کاڵا پێویستی بە هۆکاری کاتە بۆ بەرهەمهێنان کە هەندێکیان پێویستیان بە کاتی زۆرە وەک گەنم ......هتد. یا هەندێکیان کەمە وەک کاڵای پیشەسازی سادە.

٦.کۆمەکەکان و بابەجەکان – الاعانات والچرائب – Subsidies and taxes

لە پێناو بەرزبونەوەی ڕێژەی بەرهەمهێنان زیادبونی خستنەڕوو، حکومەتەکان هەندێکجار پەنا دەبەنەبەر پێشکەشکردنی کۆمەک بە بەرهەمهێنەرەکان، باج لەسەر بەرهەمهێنەرەکان دەبەخشێت.

باج ↓ تێچوو ↑ قازانج ↓ خستنەڕوو ↓

٧. پێشبینی نرخ– توقعات فی الاسعار – Expectations in Prices

٨.ژمارەی فرۆشیاران– عدد البائعين– Number of sellers.

**هاوسەنگی – التوازن**-Equilibrium

نرخی هاوسەنگی، ئەو نرخەیە کە بڕی کاڵایەک کە لە ماوەی کاتی دیاریکراودا داوای دەکرێت یەکسانە بەو بڕەی دخراوەتەڕوو، واتە خواست و خستنەڕووی بڕی کاڵا یەکسانە لە بازاڕ.

